www.kurdistannet.org
24-2-2007 13:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بە بۆنەی رۆژی جیهانی زمانی دایکیەوە ... م. دلشاد جەمشیدی



رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند رۆژێک لە سالی بە بۆنەگەلی جیاوازەوە وەکوو رۆژی جیهانی دیاری کردووە.
ئەم کارە لە بەر بەرجەستە کردنی هێندێک بایەخی ئینسانی و رواوی مێژووی بە ئەنجام گەیندراوە تا هەموو خەلکی جیهان لەم بایەخانە یان بە واتایکی تر تەجروبانە کەلک وەر بگرن. لە رۆژە جیهانیەکان دەتوانین بە رۆژی جیهانی ژن، رۆژی جیهانی مندال، ئاو، دژایەتی لە گەل رەگەزپەرەستی، کرێکار. ئامازە بدین.
بەلام 21ی فوریە گۆرەپانی رووداوی چ رووداوێکی مێژوویە کە بە رۆژی جیهانی زمانی دایکی لە لایەن یونۆسکۆوە دیاری کراوە؟
لە سالی 1952 بەدواوە ئەم رۆژە بە ناوی شەهیدەوە ناودێر کراوە. بەنگلادیشیەکان و خاکەکەیان بەنگال بەشێک بوون لە وەلاتی پاکیستان.
کاتێک کە لە 1947دا "مۆحەمەد عەلی جناح" تەنیا و تەنیا ئاینی کردە ئالقەی پەیوەندی نێوان دوو میللەتی نیشتەجێ لە پاکیستان دا و سەرجەم بنەما جێگیرەکانی بوونی بەشێک بە ناوی بەنگالی لە بەر چاو نەگرت و زمانی "اردو" ی کردە زمانی رەسمی ئەو وەلاتە.
ئەم سیاسەتە کە هەمان سیاسەتی پشت گوێخستن و هەولدان بۆ تواندنەوەی نەتەوەی بەنگال بوو، بووە هۆکاری سەرهەلدانی نارەزایەتی لە لایەن بەنگالیەکانەوە. دەسەلاتی پاکستان بۆ ئارام کردنی خەلکی بەنگال یارمەتی لە هێزەکانی پۆلیس وەرگرت و لە 21 ی فوریەی 1952 دا لە ئاکامی هێرشی پۆلیسی پاکستانی بۆ سەر خەلکی بەنگال ژمارەیێک لەبەنگالیەکان شەهید بوون.
شەهید کرانی ئەو کەسانە و ناودێر کردنی ئەم رۆژە بە ناوی ئەو شەهیدانەوە خۆراگری و تێکۆشانی خەلکی زیاد کرد و هەر ئەم رۆژە و ئەو دروشمانە کە لەم رۆژەدا کران بە بناخەی خەباتی داهاتوو پالیان بە خەلکی بەنگالەوە نا کە تا سەرکەوتن نەوەستن و لە ئاکامدا هەر لە ژێر رۆشنایی ئەو بزوتنەوەیەدا توانیان وەلاتی سەربەخۆی خۆیان رابگەینن.
جێ ئامازەیە کە هەر لەو سالەوە 1952 ئەو رۆژە بە رۆژی جیهانی زمانی دایکی ناودێت کراوە.
زمانێکی سەرمابردوو
م. دلشاد جەمشیدی

زمان واتە پێناسە و شۆناسی میللەت، لە هەر سوچێکی ئەم جیهانەدا کاتێک کۆمەلە خەلکێک بیانەوێت وەکوو میللەتێک بوونی خۆیان پێناسە بکەن و بیانەوێت ببنە خاوەنی کیان و ئالای خۆیان هەولەکانیان چڕ دەکەنەوە خوێندنەوەکانیان لێوریژ دەکەن لە فاکتی مێژوویی و تایبەتمەندیەکانیان لە باری جیاوازبوونەوە یان شاز بوونەوە وەکوو بەلگە بۆ سەلماندنی رەوا بوونی ویستەکانیان چەشنی بەرگی براوە دەخەنە سەر مێزی دەسەلات بە قەناعەت گەیاندن.
لە رۆژی جیهانی زمانی دایکیدا بە داخەوە هێشتا لە گۆشە و قوژبنی دنیا دەبینین کە زمانەکان قەدەخە دەکرێن، زمانەکان دەبردرێن و حاشا لە بوونیان و مێژوویان دەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
24-2-2007 13:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە کات و ساتێکدا کورد پێدەنێتە دەڤەری چرکەکانی رۆژی دووی رەشەمەوە و دەچێتە پێرایی ئەم رۆژەوە کە زمانی لە گۆ نیە بۆ دەربرینی ژانە ردێن سپیەکانی بە سالاچووی دەروونی.

لەم رۆژانەدا بە ئازیزێکم دەگۆت هەستەکانت بە فارسی بنوسەوە، ئاخۆ گۆلم تۆ بە فارسی بیر دەکەیتەوە زمانمان سەرمابەردەلەی رەشەمەکانی مێژوومانە بە کوردی ناتوانین خۆ بنوسینەوە.

هەڤالێکی باکووریم دەیوت من کاتێ دەچمە ژەم حەزا خۆ نکارم کوردچە لە گەل وی خەبەر بدەم.

دەیگۆت: بیرا من دێت بابی مە زارۆکی خۆ بانگ دەکرد و یەک یەک لە گەل وان تورکی خەبەر دەدا بزانێت کام ژ وان قنج تر تورکی دەئاخفێ.

لە دەڤەرەکەی جگەر خوێنەوە هەڤالێکی کوردستانیم خەونەکانی لە دوتۆی کارەکانی عادیل ئیمامدا شارۆ ئەکات و هیواکانی ئەکات بە بەندی کەلاشینکۆفی شانی گریلایکی ماندووی قەندیلەوە.

دووی رەشەمە رۆژی جیهانی زمانی دایکیە و میللەت بوون و نەتەوە بوونی ئێمە لە بازنەی گۆمانی ئێرانی ئەسیل و تۆرکی شاخی و عەرەبی توریست و بێ ناسنامەدا گیرودەی کەمتەرخەمی خۆمان و خۆمان و خۆمانە.

لە یەکەم چرکەکانی ئەم رۆژەدا و لە یەکەم هەناسە سەهۆلیەکانی ئەم بۆنەیەدا بە نیسبەت زمانە لە گۆ چووەکەی دایکمەوە، ئازیز مردوو ئاسا لە کارەساتی گۆمان بیر دەکەمەوە و ئارام بە لەرزەوە ئەیلێمەوە.

من پەیمان ئەدەم کوردی فێر بم.

تۆ پەیمان بدە کوردی فێر بە.

ئەویش پەیمان بدات کوردی فێر بێت.

ئێمە پەیمان ئەدەین زمانی دایکیمان لە بیر نەکەین.

ئێوە پەیمان ئەدەن زمانی دایکیتان لە بیر نەکەن.

ئەوان پەیمان ئەدەن کوردیان لە بیر نەچێتەوە.

بە ئاواتی ئەو رۆژە کە بتوانین هەستەکانمان بە زمانی دایکیمان بنوسینەوە.

2ی رەشەمەی 85
هێلسینکی_فینلاند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.